# کۆمیتەی سویدی بۆ پشتگیری کردنی مافی مروڤ

ئەم کۆمیتەیە کە چەندین کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمی و پەرلەمانتاری ئەوروپی و چەند کوردێکی چالاکیش تیایدائەندامن وکاربۆ پشتگیریکردن لە مافی مرۆڤی کورد دەکات سمینارێکیان ساز دا بۆ نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرێز کاك تەها بەرواری لەم سمینارەدا نوێنەری هەرێم تشکی خستە سەر ڕەوشی ئەمرۆی کوردستان و عێراق خاڵە ئیجابتتانەی دەستوری نوێ هەمیشەی عێراق ڕون کردەوە بۆ ئامادە بوانی بەرێز .
شالۆتەر مامۆستای زانکۆی لوند ئۆلی شمید لەگەڵ سڤارکارئوردسۆن کەوا ئەمان سمینارەکەیان ساز دا بۆ بەرێز نوێنەری هەرێمی کوردستان لە باکوری ئەورووپادا
سیمنارەکە ماوەی دوو کاتژمێری خایاند ا ، زیاتر تیشکی بەوەدا کەوا ئەمڕۆ دەستور لە بەرژەوەندی کوردە چونکە زۆر خاڵی سەرەکی هەیە کەوا پەرلەمانی کوردستان ڕێك کەوتون لەسەری
بەرێز تەها بەرواری بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە داوای لە وولاتە ئەورووپیەکان کردوە کەوا بتوانن بەشێکی باڵوێزخانەکانیان ( قنصلیة ) لە پایتەختی هەرێمی کوردستان بکەنەوە ،باسی لەوەش کرد کەوا ئەمڕۆ گۆڕانکاری زۆر لە ناوچەکەدا ڕوی داوە بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان جاران نوێنەری وولاتەکان و خەڵکی کوردستان زۆر بە نارەحەتی دەگەیشتنەوە کوردستان بەڵام ئەمڕۆ بەهۆی فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرو سولەیمانی بە ئاسانی هەموو کەس دەتوانێت بەکاری بهێنێت هێڵی ڕاستەو خۆ لە ئەورووپاوە بۆ کوردستان کراوەتەوە . دەربارەی کردنەوەی بانکی ئەورووپی لە گەڵ ڕەوانەکردنی نامە ( پۆست ) لە ئەورووپاوە بۆ کوردستان بە پێچەوانەوە ، کەوا لە کوردستاندا هەبێت
ئۆلی شمید دەربارەی باڵوێزخانەی سویدی دوا کەوا ئەمڕۆ لە بەغداد باڵوێزخانەی چالاکمان نییە تاوەکو بتوانین بەشێکی ( قنصلیة ) لە کوردستان دابنێین ، هەروەها پرسیاری کرد دەربارەی زروفی ئاسایشی کوردستان ؟
کاك تەها .. هەر لە کۆنەوە تاوەکو ئێستا زۆر نوێنەری سویدو وولاتانی ئەورووپی و ئەمەریکی ڕویان کردۆتە کوردستان بەبی هیچ کێشەیەك کە بۆیان دروست بێت سەردانی جۆیان جێبەجی کردوە . باسی کردنەوەی بەشی باڵویزخانەی ئەڵمانی کرد کە لە هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە بەم زوانە .
شالۆتەر مامۆستای زانکۆی لوند دوا، دەبوایە وەك لەشکری دانیمارکی ئێمەش و وولاتانی ئەورووپی بەشداری پرۆسەی ئازادی عێراق مان بکردایە بۆ چەسپاندنی دیموکراسی .
بەرێز کامەران شوان سەرۆکی کۆمەڵەی کوردی پرسیاری دەربارەی کەرکوك کرد ،چی پرۆژەیەکتان داناوە بۆ گەڕانەوەی بۆ ناو هەرێمی کوردستان ؟
پەرلەمانی کوردستان سورە لەسەر مادەی ژمارە 58 دەربارەی گەڕانەوەی کوردەکان بۆ ناو کەرکوك و گواستنەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ جێگای خۆیان پێویستە لەسەر حکومەتو پەرلەمان کاری تەواو بکەن بۆی ، پرۆژە بەس بۆ کەکوك نەکراوە بۆ گشت ناوچەکانی تری کوردستان کراوە کە چەند ساڵە دەناڵێنن بەدەست داگیرکردنی ناوچەکانیانەوە .
پرسیار دەربارەی مادەی 113 دەڵێت هیچ شتێك نابێت پێچەوانەی دەستوری عێراق بێت

ئالآی کوردستان و بەرزکردنەوەی لە گشت شوێنە ڕەسمیەکاندا پێچەوانەی ئەو دستورە نییە ؟
وەڵام ... بەگوێرەی مادەی 112 هیچ گرفتێك نایەتە ڕێگامان ، ئەگەر گرفت هەبێت دادگای دەستوری دایمی کۆتای پێد ێنێ .
پرسیاری خۆم (ئەنوەر خەراجیانی ) دەستوری هەمیشەی کێشەی سنوری جوغرافی کوردستان چارەسەر دەکات ؟
وەڵام .. بەڵێ لە دەستوری هەرێمی کوردستان بە درێژی و وێنەوە باسی دەکات چی شووێنێك سنوری کوردستانە .
دەربارەی مافی ئافرەت پرسیارم کرد چەند مافیان هەیە لە ناو هەرێمی کوردستان ؟
ئێمە وەك حکومەتی کوردستان مافی ئافرەت پارێزراوە هەمیشە پارێزگاری لە مافەکانیان دەکەین ، بەڵام بەداخەوە زۆر کات خۆیان کەم تەرخەمن و بەشداری ناکەن لە زۆر چالاکیدا هەرچەندە عەرەبی شیعەو سونی ڕازی نین هیچ کاتیك بە مافی ڕەوای ئافرەت بەڵام ئێمە توانیومانە بە گوێرەی یاسا بەرنگاریان ببینەوە کەوا ئافرەت مافی تەواوی هەیە لە ناو کۆمەڵ گادا چونکە ئافرەت نیوەی کۆمەڵە .
دوا وشەی بەڕێز تاها بەرواری ئێمە وەك حکومەوتی هەرێمی کوردستان بڕیارمانداوە هەر کەسێك ژنی خۆی یان کچی بکوژێت لەسەر هەر هۆیەك بێت بە بڕیاری حکومەتی کوردستان تاوان بار ئەگەر کارەکەی لە ئەوروپا ئەنجام دابێ پاشان گەڕابێتەوە بۆ ناو کوردستان ئێمە تەسلیمی ئەو وولآتەی دەکەینەو کەوا تاوانەکەی تێدا ئەنجام داوە .
لە کۆتای دا سوپاسی ئامادە بوانبوو کۆمەڵەی کولتوری و کۆمەڵەی کوردی بوو.

ئەنوەر خەراجیانی ئامادەی کردووە سوید / مالمۆ




کۆمەڵەی کلتوری کوردان
2 10 2005


ەڵەی کلتوری کوردان
2 10 2005


2 10 2005


2 10 2005


کۆمەڵەی کلتوری کوردان
2 10 2005